www.kurdistannet.org

# وەڵامێك بۆ خەتاب سابیر و یاسین خێلانی

شێرکۆ بازیانی

کاک خەتاب سابیر لە یەکێک لە سایتە کوردیەکانا ، نووسینێکی لەسەر ئەو کۆمەڵە نووسینە نووسی کە لە م دوایەدا هەندێ لە سایت و ڕۆژنامەکانی گرتەوە. منیش حەزمکرد دوا بەدوای نووسینەکەی ئەو بەشدارییەک بکەم و هەندێ خوێندنەوەکەی ئەو بخەمە بەر ڕۆشنایی. من بزانم ئەم نووسینەی کاک خەتاب زیاتر بۆ موجامەلە نووسراوە، ئەم هەرایەش کە کەکەوتۆتەوە لەوەوەیە کە بەختیار عەلی لە نووسینێکیا دژی ئەم موجامەلەو درۆکردنە نووسیوێتی، بە تایبەت کە لە تەلەفزیۆنەوە خۆم بینیم سەرۆکی یەکێک لە یەکێتیەکانی نووسەران مەلا شوکوری شوبهاند بە مارکس. کە ئەوە هەقی نووسەرانە لەمجۆرە قسانە بێنە دەنگ، چونکە شوبهاندنی مەلا شوکور بە مارکس هیچ مەنتیقێکی تیا نیە. ئەوەی نووسینەکەی بەختیاریش بخوێنێتەوە ئەزانێ شتێکی خراپی لەسەر مەلا شوکور نەنووسیوەو ئەڵێ «با ئەم بەراوردنە» نەکەین. ئەوەی کاک خەتابیش نووسیوێتی کە کاک بەختیار ئەڵێ زمانی شوکور مستەفا گوندییانەیە، ڕاستئەکات، بەڵام خۆ بەختیار نەیوتوە ئەم زمانە خراپە، بەڵکو بە عەکسەوە وەک خاڵێکی باش بۆ مامۆستا شوکوری داناوە. کەچی کاک خەتاب لەوە عاجز بووە کە نووسراوە، ئەم زمانە بەرەو فەوتان ئەڕوا. بەڵام ئەزانین ئەو زمانە لەبەر پەرەسەندن زۆر بە کارنایە، ئەگەر وا نەبوایە خۆ شوکور مستەفا فەرهەنگۆکی بۆ نەئەکرد، بەڵام کاک خەتاب کە خۆی کردوە بە حاکم بەسەر هەموو نووسەرەکانەوە، باش سەیری کتێبەکانی مەلای ڕەحمەتی نەکردوە. من بەتەنیا لە کتێبی کوردیا ئەو فەرهەنگۆکانەم بینیوە، ڕۆمانێکی عەرەبی نیە فەرهەنگۆکیان بۆ کردبێ. ئەمەش نیشانەیە کە کاک خەتاب زۆر بە هەڵەدا چوە. چونکە ئەگەر زمانەکە زمانی ئەمڕۆ بوایە، مەلا شوکور فەرهەنگۆکی بۆ نەئەکرد. ئەو زمانەش زۆری فەوتاوە. لە حەڤتاکانەوە کەس بەو زمانە چیرۆکی نەنووسیوە، خۆگەر وابوایە، ئەوا حسەین عارف و ئەحمەد عارف و حەمەکەریم عارفیش هەر بە زمانەکەی ڕەحمەتی چیرۆکیان ئەنووسی. بەڵام سەردەمی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر پێویستی بە زمانێکی تر هەیە.

سوپاس بۆ خوا کە کاک خەتاب زانیوێتی کە بەختیار عەلی تەکانێکی داوە بە ڕۆشنبیری ئێمە، کاک بەختیار چەند تەکانی بە شیعرو ڕۆمانی کوردی داوە، ئەوەندەش تەکانی بە زمانی کوردی داوەو یەکێکە لەوانەی زمانی کوردی زۆر پێشخستووە. پێش بەختیار بەم زمانە باسی زۆر بابەت نەئەکرا، بەڵام گرووپی ڕەهەند زمانی کوردیان گۆڕی و خستیانە ئاستێ بۆ نوسینی مەعریفیش دەسبا. بەختیار وەکو خەڵکی تر نەبووە هەر خەریکی شەڕەقسەی لابەلابێ. کتێبفرۆشەکانی سلێمانی و هەولێریش ئەزانن کە کتێبی بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن لەهەرچی کتێبی ترە زۆرتر ئەخوێنرێنەوە. هەر کۆڕێکی بەختیاریشم بینی بێ پڕبووە لە گوێگر. ئیتر نازانم یەکێک تەکانێکی وەهای دابێ، بە ماوەیەکی کەم خۆی سەپانبێ، چۆن کوردی نازانێ. نەوەک لای من بەڵکو لای خوێنەران بەختیار سیحربازێکی زمانە، مامۆستای گەورەمان شێرکۆ بێکەس خۆی دانی بەوەدا ناوە، لە چەندین چاو پێکەوتندا باسی بەختیار عەلی کردوە، چیرۆکنوسی خۆشەویست لای هەموو چینی لاوان شێرزاد حەسەن خۆی هەموو جارێک باسی لە گەورەیی بەختیار کردوە، زۆر نووسەری ناسراوی کورد بە قسەی جوان لە سەر کاری بەختیاریان نووسیوە. لەوانەی من بینیومن ڕەوف بێگەرد، ڕەوف حەسەن، کەژاڵ ئەحمەد، شیرین کەمال، ڕێبوار سیوەیلی، کەریم

www.kurdistannet.org

دەشتی، قادر سەرچناری، محەمەد ڕەشید فەتاح، عەتا قەرەداغی، مەحمود زامدار. خەڵکی زۆری تریش ئیتر خۆ نووسەرانی گەنج مەپرسە کە تاک و تەرای لێدەرکەی بەختیار عەلی وەک قدوە تەماشائەکەن. لەم دوو ساڵەیا هێند لەسەر بەختیار نوسراوە، هیچ نووسەرێکی کۆنیش لەسەری نەنووسراوە. ئەگەر ئەو نووسینانە کۆبکەینەوە سێ چوار کتێب ئەکا. هەتا چەند ساڵ لەوەوپێش کاک بەختیار وەک ئێستاش نەناسرابو . کەچی یاسین خێلانی ئەڵێ بەختیار عەلی هەست بەکەمی ئەکا لە بەر مندا، بە خوا کاک یاسین لە سەدا نەوەو پێنجی خوێنەری کورد ناوی تۆیان هەر نەبیستوە، ئەو پێنجەش کە بیستوێتی بەهۆی ئەو نامەیەوە بیستوویانە کە حەوت ساڵە سایتەو سایتە ئەیگێڕی. تۆ لەمجۆرە نوسینانە زیاتر، هیچت نیە تاوا قسەبکەی. بەڵام کتێبەکانی بەختیار هەموویان یەکی چەندین جار چاپکراونەتەوە، بە خوا تۆ بە هۆی ئەو نامەیەی بەختیار عەلییەوە نەبوایە ناوت لە کولەکەی تەڕو وشکیشا نیە.

من نامەکەی کاک بەختیاریشم بۆ یاسین خێلانی خوێندەوە، بەڕاستی کاک بەختیار نەئەبوایە هەڵەی وابکا و ئەبوایە هەرچیەک بووە دانی بە خۆیا بگرتایە و نەچێتە ئاستی یاسینەوە، بەڵام ئەوەی نامەکە بخوێنێتەوە تێئەگا کە یاسین بەتەلەفون جنێوی داوە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە، واتە یاسین دەستپێشکەر بووە، هەموو کەسێکیش کە جنێوی شەخسیان پێدا هەقێتی وەڵامباتەوە. بەختیار ئەمەشی نەکردوە بە نوسین، نامەی شەخسی بۆناردوە، هەقیشە بەختیار بە یاسا داوای هەقی خۆی بکا، چونکە بەپێی یاسا کەس هەروا بۆی نییە نامەی شەخسی بلاوکاتەوە، ئەوەی کاغەزەکەش بخوێنێتەوە ئەبینێ بەختیار جنێوێکی شەخسی بە یاسین نەیاوە، زۆریش باش بوو ئەم نامەیەی بڵاوکردەوە، چونکە وابزانم یاسین چەند ساڵە نان و پیازی پێوە ئەخوا و ئەبوایە کاک بەختیار خۆی بڵاوی بکردایەوە. هەروەها بڵاوبوونەوەی نامەکە نوسینەکەی حەمەسەعیدیشی کەشف کرد، دەریخست مەسەلەکە بەو جۆرە نیە کە حەمە سەعید وشە وشە دەریهێنابوو.

لە ڕاستیدا ڕەخنەکانی کاک یاسین لە زمانەکەی بەختیار زۆر کاڵ و کرچە، بەوەی ئەڵێت فڕین نییەو هەڵدەفڕینە، یان وشەی پاش وپێش خستووە، لە نمونەی چوارەمیشا لە نوسینەوەکەیا هەڵەی دروستکردوە تا بڵێ بەختیار هەڵەی کردوە. لە ڕۆمانەکەدا ئەو ڕستەیە وا نوسراوە. «نورێک توندتر لە خێرایی خۆی دێتە دڵمانەوە» . کەچی یاسین دێڕەکەی وا نووسیوەتەوە «نورێک توند لە خێرایی خۆی دێتە دڵمانەوە». ئاخر کابرا تۆ باسی مۆراڵ ئەکەی،ئەی بۆ مۆراڵت بیرچۆتەوەو بۆ مەرامی خۆت دەستکاری ڕستەی ناو ڕۆمانێک ئەکەی لەلای زۆر خوێنەر هەیە. بۆ کاک یاسینی زمانەوانیش، حەزئەکەم هەندێک هەڵەی زمانی بۆ ڕاستبکەمەوە، بەڵکو خوابکا ستایشم بکا.

١. ئەوە ئاکامی چیتر قبوڵ نەکردنی ئەو هەموو پەردەپۆشکردنەی خەوشەکانی یەکتر بوون. ئاخر برای بەڕێز ، بەخوا من خوێنەرێکی ئاسایم بەڵام ئەم کوردیە ئەوەنە سەقەتە مەگەر خوا بزانێت. یان ئەبێت بنووسیت «ئەمە ئاکامی چیتر قبوڵ نەکردنی خەوشەکانی یەکتر بوو» نەوەک یەکتربوون. یان دەبێت بنووسیت «ئەمە ئاکامی ئەو هەموو پەردەپۆشکردنەی خەوشەکانی یەکتر بوو» .

www.kurdistannet.org

٢. «لەوەڵامی کەسانێکدا ڕەخنەیان لێبگرن بیبەنە سەر ئاستی قسەی بازاڕی»
ڕاستەکەی ئەوەیە «لەوەڵامی کەسانێکدا ڕەخنەیان لێبگرن، بیبەنە سەر ئاستی قسەی بازاڕی»

٣. ئێمە هەمووومان قابیل بە هەڵەین.
ڕاستەکەی ئەوەیە «ئێمە قابیلی ئەوەین بکەوین هەڵەوە» یان «لەوانەیە بکەوینە هەڵەوە»

جا برای خۆم کە ئەمە حاڵی کوردیەکەتە، بۆ کورد واتەنی «دەرمانی سەری خۆت ناکەی».

ئینجا یاسین ئەو ڕستانەی ڕێبینی بۆ غەفور هێناوە ، کە ڕێبین بە غەفور ئەڵێت جاهیل و ئەڵێت ئەمانە جنێون. کەچی کاتێک حەمەسەعید بە بەختیار عەلی ئەڵێت جاهیل، بۆئەوی نووسیوە «من نازانم حەمە سەعید جنێوفرۆشە یان نا». هەروەها نووسینەکەی خۆشی پڕە لە جنێو. هەر لەو لەتە لاپەڕەدا یاسین ئەم جنێوانەی داوە.
(درۆ، ڕووپامایی، سازشکاری، بەدەست گریی خۆ بەکەم زانینەوە بناڵێنێت، دەروون نەخۆش» و چەندانی تر. منیش ئەڵێم هەر کاتێک یاسین خێلانی دەمی کردەوە من ئەم جنێوانەی بۆ زیندووئەکەمەوە تا دەمی نەکاتەوە.
ئەوەی لە هەمووی خۆشترە ئەوەیە کە یاسین نەیبیستوە حەمەسەعید جنێوفرۆشە. یاسین خۆی کردوە بە کەڕەی شەربەت وا خۆی نیشاناوە لە جزیرەی واق واقەوە هاتوە، ئاخر کورد هەیە نەزانێ حەمەسەعید ناوەکەی موورادیفی جنێوفرۆشییە.

لەدوایدا ئەڵێم کاک بەختیار وەک خۆی ئەڵێ وەڵام نادەمەوە، هەقە وەڵام نەداتەوەو نامەش بۆ خەڵکی وەک یاسین خێلانی نەنووسێ تا ئاوا نان و پیازی پێوەبخوا. بەداخەوە کە نووسەرێکی بە توانای وەک کاک بەختیار عەلی ڕێگا خۆش ئەکا بۆ ئەم نووسینانە، بائەم کاغەزە کۆنیش بێ، بەڵام چاترە خۆی زیاتر لەمانە بپارێزێ، وەڵامەکە بە جێبێڵێ بۆ خەڵکی تر و ئەو هەموو گەنجە نووسەرەی خۆشیان ئەوێ و هەموو کاتێک بەرگریان لێ کردوە و بەرگریشی لێ ئەکەن. خۆ لەم چەند ساڵەدا هەر نووسەرانی ترن لە سەر کاک بەختیار هاتونە دەنگ، ئەو وەکو نووسەری تر نیە، زیاتر لە بەرچاوە، لەبەرئەوە سەلەفییەکان ۆرترهێرشی ئەکەنە سەر. هەقە ڕێگا بۆ ئەمجۆرە قسانە ئاسان نەکا.

شێرکۆ بازیانی
ئەڵمانیا